## بەش: شوینەوار

## کۆلێژ:ئاداب

## زانکۆ : سەلاحەدین – هەولێر

## بابەت:    کوردناسی گشتی

## پەرتووکی کۆرس – (قۆناغی یەکەم -     )

## ناوی مامۆستا :ئەمیرمستۆمحەمەد

## ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | کوردناسی گشتی |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | ئەمیرمستۆ محەمەد |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | کۆلێژی ئاداب / شەپێنەوار |
| ٤. پەیوەندی | e-mail:azirary@yahoo.com<br>Gmail: amer.muhammed@su.edu.krd<br>tel:009647504560456 |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ٢<br>پراکتیک: ٠ |
| ٦. ژمارەی کارکردن | پێنج ڕۆژ لە هەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | **مامۆستا دەرچوی زانکۆی سەلاحەددینە لە بەشی زمانی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٠ - ٢٠٠١. ماستەری لە زمانی کوردی بەدەست هێناوە لە هەمان زانکۆ ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ نامەی ماستەرەکەی بە پلەی** زور **باش وەرگیرا**.<br>٢٠٢٣ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە بەراوردی زمانی کوردی و فارسی |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | کورد، کوردۆلۆجی، کوردناسی، مێژووی کۆن – ئیسلامی –نویَ ، ڕەچەڵەکی کورد، جوگرافیا، ئایین، زمان، پەیوەندیکردن، خێزانە زمان، دیالێکت، شێوەزار، ئەدەب، ڕێبازە ئەدەبییەکان، کلاسیک، ڕۆمانستیك، ڕیالیزم، ڕۆژنامەگەری . |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**کوردناسی گشتی : هەموو نوسراو و توێژینەوە زانستیەکان دەگرێتەوە کە لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کورد وەك ( زمان ، ئەدەب ، جوگرافیا ، مێژوو ، ئاین و کلتور و...هتد) نوسراوە و بلأوکراوەتەوە بە ئامانجی ناساندنی کورد.**

**گرنگی ئەم کۆرسە لە گرتنەبەری ڕێگای زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە کورد وەك نەتەوە و خاکی کوردستان وەك وڵات دەردەکەوێت، بە ئامانجی ناساندنی کورد وەك یەکێك لە نەتەوەکانی دونیا کە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی نەتەوایەتی خۆیەتی و جیاوازە لە نەتەوەکانی تر لە ڕووی نەژاد و زمان و کلتور و نەریتەوە، کە مەرجێکی سەرەکیە هەموو تاکێکی کورد زانیاری ڕاست و پوخت لەسەر ئەم بابەتە بزانێت بە ئامانجی گرێدانی تاکی کورد بە نەتەوە و خاکی خۆی کە تایبەتە بە خۆی و جیاوازە لە هەموو نەتەوەکانی تر.**

**هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەم بابەتە جیاواز لە هەر بابەتێکی تر بە پێویستیەکی گرنگی هەمیشەی دابنرێ و دەبێت لە هەموو کۆلیژ و بەشە جیاجیا کانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بخوێندرێت.**

١١. ئامانجەکانی کۆرس :

١- ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو بابەتانەیە کە لە بارەی گەلی کوردەوە روونەکراونەتەوە، لێرەدا روونتر دەکرێنەوە و قوتابیان و خویَندکارانیان پیَ ئلشنا دەکریَ .

٢- بابەتەکە وەکو بابەتێکی رۆشنبیری گشتی دەبیَ

٣- ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی،کە ناحەزانی نەتەوەی کورد دژی کوردییان نوسیوە و نابابەتییانە لە بەرژەوەندی خۆیان ڕاستییەکانیان شێواندووە .

٤- لەپێناو ناساندنی قوتابی و خوێندکارانی غەیرە کورد، بە ڕیشە و ڕەچەڵەکی کورد و سەربەخۆی زمانی کوردی و داب و نەریت و شێوازی بیرکردنەوە و شارستانیەتی کورد.

٥- ناساندنی قوتابی و خوێندکاران بە سامانی دەوڵەمەندی کەلتوور و کەلەپوور و جوگرافیا لایەنە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوەی کورد و نەژاد و مێژوو و زمان و ئەدەبیاتی کوردی .

٦- تێگەیاندنی قوتابی و خوێندکاران لەو حەقیقەتەی کە کورد نەتەوەیەکی خاک دابەشکراوی بیَ قەوارەیە و بە درێژایی مێژوو توشی قڕکردن و ڕاگواستن و گۆڕینی دیمۆگرافیای خاک و ناسنامەی نەتەوەیی بۆتەوە .

٧- تێگەیاندنی قوتابی و خوێندکارانە ، کە کوردیش خاوەنی زمانێکە لە ئاستی زمانەکانی دیکەی دنیادایە لە ڕووی سروشت و پێکهاتەوە ، هەوڵ بدا بۆ پێشخستنی زمانەکەی لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسین و داهێنانەکانیدا.-

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

**ئەرکی قوتابی لەم بابەتەدا زۆرگرنگە کە ئامادەبوونی بەردەوامیان هەبیَ و تێبینییەکان تۆماربکەن و بەشداربن لە وانەکە بە ڕێگای گفتوگۆو خستنە ڕووی تێبینییەکان" هەروەها خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە لە لیستی سەرچاوەی کۆرسبووکەکە ئاماژەیان پێکراوە" بۆ ئەوەی پێشوەختە زانیارییان هەبیَ لەسەر بابەتەکە.**

| |
|---|
| **١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**<br>**لـەم وانەیـەدا چـەندین شـێواز بـەکاردەهێنری بـۆ گەیشـتن بەئامانجـەکان و گەیانـدنی زانیارییـەکان بـۆ قوتـابی وەکـو ڕێگـای ئامادەکاری،کـە تیایـدا بابەتـەکان بـە قوتابیـان دەدرێ لەگـەڵ بـەکارهێنانی چـەند ڕێگایـەکی دیکـەی وەکـو ڕێگـای گفتوگـۆ و پرسـیار و وەڵام (سـوأل و جـواب) لـەپێناو دەوڵەمەنـدکردنی بابەتەکەو باشـتر گەیانـدنی زانیارییـەکان. بەکارهێنانی هەریـەك لـەم شـێوازانەش بـەپێی سروشـتی بابـەتی وانەکە و بوونی سەرچاوە و هۆکاری پێویستی بەردەست دەگۆڕێ.** |
| **١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**<br>هەڵسەنگاندن لەم بابەتەدا بە ڕێگای ئەنجامدانی کویز و لێپرسینەوەی ڕۆژانە لە بابەتەکە و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی وەرزی دەبێ کە لە تێکڕای ساڵەکە دوو تاقیکردنەوەی وەرزی هەریەکەیان لەسەر (٢٠) نمرە دەبێ. |
| **١٥. ئەنجامەکانی فێربوون**<br>**پەیداکردنی شارەزایی تەواو سەبارەت بە مێژووی کورد .**<br><br>**-ئاشنا بوون بە ڕووداو و ئەو بابەتانەی ، کە پەیوەندییان بە گەلی کورد هەیە .**<br><br>**-شارەزابوونی تەواوی خوێندکار بە زمان و ئەدەبی کوردی .**<br><br>**گەیاندنی زانستی نوێ سەبارەت بە هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە (زمان و ئەدەبی کوردی) .** |

**١٦. لیستی سەرچاوە**


١- د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی.

٢- عەبدولوەهاب خالد، زمان و زمانڤانی.

٣- د. رەفیق شوانی، زمانی کوردی شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا.

٤- د.رەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی.

٥- پ د فریدریش موولێر ، پ د ئەلبێرت سوسێن، پ د هۆگۆ مەکاس، وە رگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: د. حەمید عەزیز، زمانی کوردان چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان.

٦- بیهزاد خۆشحاڵی، و: مستەفا غەفور، فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان.

٧- کۆڕی زانیاری کورد، بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا.

٨- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زمانناسی.

٩- محەمەد مەعروف فەتاح

١٠- محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی.

١١- میهردادی ئێزیدی، چەردە باسێك لەبارەی کوردانەوە.

١٢- سەعید مەموزینی، بەرکولێك لە مێژووی کورد و کوردستان.

١٣- عەبدولڕەحمانی قاسملۆ ، کوردستان و کورد.

١٤- محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان.

١٥- قەیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی رستەو تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر.

١٦- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی.

١٧- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی.

١٨- شەرەفنامە، شەرەفخانی بەتلیسی، هەژار کردوویەتی بە کوردی.

١٩- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد.

٢٠- د. ئارشاك پۆلادیان، و:ئازاد عوبێد ساڵح، کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا.

٢١- د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەبی کوردی.

٢٢- د. عەلی عەبدولوافی، و: د. ئیبراهیم عەزیز، زانستی زمان.

٢٣- محمد معروف فتاح، زمانەوانی.

٢٤- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی.

٢٥- ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر.

٢٦- سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی.

٢٧- خورشید ڕەشید ئەحمە، ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا.

| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **یەکەم / جوگرافیا**<br><br>**بەشی یەکەم : دەروازەیەک بۆ کوردستان**<br><br>١- زاراوەی کوردستان<br><br>٢- شوێن (پێگەی جوگرافی )<br><br>٣- شوێنی ئەسترۆنۆمی<br><br>٤- سنوور و ڕووبەر و شێوە<br><br>**بەشی دووەم / تایبەتمەندی سروشتی کوردستان**<br><br>١- بەرزی و نزمی ( تۆبۆگرافیا )<br><br>٢- ئاو و هەوا<br><br>٣- دەرامەتی ئاوی<br><br>**بەشی سێیەم / تایبەتمەندی مرۆی کوردستان**<br><br>١- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی پێکهاتە<br><br>٢- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ژینگە<br><br>٣- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە<br><br>**بەشی چوارەم / ژیانی ئابووری لە کوردستاندا**<br><br>١- کشتوکاڵ<br><br>٢- سامانی ئاژەڵ<br><br>٣- پیشەسازی و کانزاکان<br><br>٤- گەشتوگوزار | ٢ کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| **دووەم / مێژوو**<br><br>**یەکەم: تەوەرەی مێژووی کورد لەبابەتی کورد (کوردناسی)**<br><br>أ- ناوی کوردو کوردستان<br><br>١- کوردناسی چەمک و واتاکەی<br><br>٢- وشەی کورد (ڕیشەیی و مانای)<br><br>٣- زاراوەی کوردستان لەسەرچاوەکاندا<br><br>ب- مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد<br><br>١- نەژادی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسان<br>٢- نەژادی کورد لە دیدی مێژوونوسانی کورد و غەیرە کورد<br><br>ج- دانیشتوانی کۆنی کوردستان<br><br>١- هۆزەکانی کۆنی کورد<br>٢- مێژووی شارستانیەتی کۆنی کورد<br><br>**دووەم: سەرەتاکانی پەیوەندی کورد بەئاینی ئیسلام**<br><br>• جابانی کورد<br>• فەتحکردنی کوردستان لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوری خەتاب<br>• بارودۆخی کوردستان لەسەردەمی خەلافەتدا<br><br>- میرنشینە کوردیەکان لەسەردەمی عەباسیدا<br><br>- چەند لایەنێکی شارستانیەتی کورد لەسەردەمی ئیسلامیدا<br><br>- دەوڵەتی ئەیوبی و ڕۆڵی ڕابەرایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی<br><br>- ڕۆڵی شارستانی زانایانی کورد لە مێژووی ئیسلامیدا | |

| | |
|---|---|
| **سێ یەم: مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد**<br>- سەرهەڵدان و بوژانەوەی میرنشینە کوردییەکان<br>- هۆکارەکانی ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان<br>- کوردستان لەململانێی وڵاتانی هەرێمیدا<br>- هەندێ لایەنی پڕشنگداری شارستانیەتی میرنشینەکان<br>- بزاڤ و شۆرشە کوردییەکان لەسەدی نوزدە و بیستدا<br>- کورد و بزاڤی ڕێکخراوەیی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا<br>- کورد لە کۆنگرە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا<br>- کۆماری کوردستان لە مەهاباد<br>- باشوری کوردستان لەشۆرشی ١٤تەموزی ١٩٥٨ تا کو نسکۆی شۆرشی ١٩٧٥<br>- جینۆساید<br><br>**سێیەم / زمان**<br><br>**١- زمان و گرنگی زمان و جۆرەکانی زمان**<br>(پێناسەی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و گرنگی زمان و و جۆرەکانی زمان (نوسراو،جەستەیە )<br><br>**٢- تایبەتییەکانی زمان**<br>( زمان ڕەفتارە – زمان دەنگە – زمان سیستەمە- زمان تایبەتە بەمرۆڤ – زمان هێمایە – زمان داهێنانە )<br><br>**٣- گریمانەکانی پەیدابوونی زمان**<br>(بۆچوونی ئایینی-بۆچوونی ریکەوتن – بۆچوونی بانگ و قیژە – بۆچوونی بزاوتن – بۆچوونی پەیوەندی )<br><br>**٤- خێزانە زمانییەکان**<br><br>( هیندۆ ئەوروپی – سامی و حامی – تۆرانی )، هاوبەشی زمانی | |

| | |
|---|---|
| | کوردی و هیندۆئەوروپی.<br><br>**٥- مێژووی زمانی کوردی و قۆناغەکانی**<br><br>( قۆناغی کۆن – قۆناغی ناوەند – قۆناغی شێوەزار – قۆناغی نوێ )<br><br>**٦- زارەکانی زمانی کوردی و شوێنی جوگرافی**<br><br>( زار – تایبەتمەندی زار – جۆرەکانی زار – زارەکانی زمانی کوردی)<br><br>**٧- زمانی ستاندەرد و هۆکارەکانی دروستبوونی**<br><br>( زمانی ستاندەرد،شێوەی دروستبوونی (ئایینی – سیاسی – ئەدەبی بەرز )، هۆکاری نەبوونی ستاندەرد لە زمانی کوردیدا) .<br><br>**٨- ڕێنووسی زمانی کوردی و گرفتەکانی**<br><br>پیتەکانی زمانی کوردی – گەشەی نوسین – نوسینی نمونەیی – جۆرەکانی ئەلفوبێ – گرفتەکانی ڕێنوسی کوردی )<br><br>**٩- پلانی زمان و سیاسەتی زمانی**<br><br>( زمانی دایک و پارێزگاریکردن لێی –گرنگی نەتەوایەتی زمانی دایک، ڕۆڵی نەرێنی زمانی بیانی لەسەر زمانی دایک – پلانی زمان – زمان و ئاسایشی نەتەوەیی )<br><br>**١٠- ململانێی زمانی بێگانە لەگەڵ زمانی کوردی**<br><br>(چەمکی ململانێ، قۆناغەکانی ململانێ، کارتێکەرەکانی سەر ململانێ)<br><br>**١١- گەشە و گۆڕانی زمانی**<br><br>(چەمکی گۆڕان – بنەماکانی گۆڕان – هۆکارەکانی گۆڕانی زمان – ئاستەکانی گۆرانی زمان ) |

| | |
|---|---|
| **١٢- زمان و کەلتوور**<br><br>( ڕەنگدانەوەی کەلتووری کوردی لە زماندا : ڕێزگرتن – پێکەوە ژیان – تەبایی – مرۆڤدۆستی ...هتد)<br><br><br>**چوارەم / لێژنەی ئەدەب**<br><br>یەکەم - مێژووی ئەدەبی کوردی<br><br>دووەم- ڕۆژنامەگەری کوردی<br><br>أ- ئەدەبی فۆلکلۆر<br><br>(-پێناسەی فۆلکلۆر – گرنگی و بەهای فۆلکلۆری کوردی و ڕۆلی لە بونیادی شارستانی کورددا- بەشەکانی فۆلکلۆر (ئەفسانە –داستان – هەقایەت – پەندی پێشینان – مەتەڵ- -گۆرانی و هۆنراوە، ...هتد (هێنانەوەی نمونە بۆ هەریەکێکیان ) .<br><br>ب- ئەدەبی نوسراو (شیعر –پەخشان)<br><br>١- شیعری کوردی (قۆناغەکانی شیعری کوردی)<br><br>**یەکەم / شیعری کلاسیکی کوردی** (شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە )<br><br>**قوتابخانەکانی شیعری کلاسیکی کوردی**<br><br>- ئەدەبیاتی لوڕی : کورتەیەکی مێژووی دەربارەی باباتاهیری هەمەدانی و نمونەی شیعری<br><br>- ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو : کورتەیەک دەربارەی ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو، نمونەی شیعری مەلای جزیری<br><br>ئەدەبیاتی کرمانجی خواروو، قوتابخانەکەی سێ کوچکەی بابان و | |

| | |
|---|---|
| نمونەی شیعری نالی<br><br>دووەم / شیعری نوێی کوردی<br><br>- شیعری رۆمانتسیزمی کوردی<br><br>- مێژووی سەرهەڵدانی شیعری نوێ و هۆکارەکانی نوێبوونەوە<br><br>- تایبەتمەندێتی شیعری رۆمانسیزمی کوردی و جیاوازی لەگەڵ رۆمامسیزمی ئەوروپی<br><br>- چەند نمونەیەکی شعری ( گۆران وەک نمونە )<br><br>سێیەم / شیعری هاوچەرخی کوردی ( لە بزوتنەوەی ڕوانگەوە تا دوای ڕاپەرین ) لە ڕووی روخسار و ناوەرۆک و تایبەتمەندییەوە .<br><br>پەخشانی کوردی<br><br>_ مێژووی سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی و هێنانەوەی نمونە لە نێو ( دەقە کۆنەکان بە نمونەی سەرەنجام و میسحەفا رەش و جیلوە، ئاقییە نامە، مەولودنامە، مەلامەحموودی بایەزیدی، ئەحمەدی خانی ...هتد) .<br><br>هونەرەکانی پەخشانی کوردی : ( هەقایەت – پەندی پێشینان – قسەی نەستەق – مەتەڵ – وتار – خوتبە – سەرگوزشتە – نامە – راگوزاری – چیرۆک – رۆمان – دراما ) زۆر بە چری باسی هەریەکەیان بکرێت و نمونەیان بۆ بهێنرێتەوە ) . یان دەتوانێت تەنیا جەخت لەسەر ئەم سێ هونەرەی خوارەوە بکاتەوە :<br><br>- چیرۆکی کوردی<br><br>- درامای کوردی<br><br>- رۆمانی کوردی | |

| | |
|---|---|
| تێبینی : ( مامۆستای بابەت دوای دیاریکردنی هونەرەکانی پەخشان، باشتر وایە جەخت لەسەر ئەو سێ هونەرەی سەرەوە بکاتەوە، بۆ نمونە لە بابەتی چیرۆکی کوردیدا باسی ئەمانە بکات :<br>- مێژووی سەرهەڵدانی صیرۆکی کوردی<br>- تایبەتمەندێتی چیرۆکی کوردی<br>- شێوازی چیرۆکی کوردی بە پێی قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی<br>لە رۆمانیشدا بە هەمان شێوە :<br>- مێژووی سەرهەڵدانی رۆمانی کوردی<br>- قۆناغەکانی رۆمانی کوردی<br>لە درامادا :<br>- هونەرەکانی درامای کوردی ( شانۆ – تەلەفزیۆن – سینەما – رادیۆ ) .<br>- مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی کوردی، وەک دەقی نوسراو – نەک نمایش و هونەری نواندن<br>- تایبەتمەندێتی شانۆی کوردی ( جەختکردنەوە لە سەر ناوەرۆکی ) . | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| | |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**١. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**پرسیاری نموونەیی:**

**وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**

**أ. بۆچی زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەی کورد گرنگە؟**

**ب. بە چ جۆرە شیعرێك دەوترێت دوو بەیت؟ بە نموونەوە .**

**وەڵامی نموونەی: لقی أ/:**

1. **هەستی نەتەوایەتی بۆ یەکبوون و یەك پارچەی گەلی کورد یان نەتەوەی کورد بەگشتی بەهێز دەکات.**
2. **هۆکارێکە بۆ لەیەك نزیك بوونەوە و بەیەکەوە بەستنی دیالێکتەکان، هەروەها هەموو لایەنە کوردیەکان لە یەکتر نزیك دەکاتەوە.**
3. **زمانی ستاندارد هۆکارێکی گرنگە تەنانەت لە هۆکاری ئاینیش لە پێشترە بۆ یەکێتی گەل و خاکی کوردستان.**
4. **یەکێك لە مەرجەکانی نەتەوە ئەوەیە کە خاك و زمان و قسە پێکەرانی هەبێت.**
5. **هەموو نەتەوەیەك بە هۆی زمانەوە دەناسرێت.**
6. **ئەگەر زمان هەبێت نەتەوەش دەبێت، بەلەناوچوونی زمان نەتەوەش لە ناودەچێت، چونکە نەتەوە نیە لە جیهان زمانی نەبێت.**
7. **هەموو نەتەوەکانی جیهان بە پلەی یەکەم بە زمانەوە دەناسرێن.**

**وەڵامی نموونەیی: وەڵامی لقی ب/:**

**دوو بەیت: بریتیە لەو شیعرەی کە تەنیا لە دوو بەیت داڕێژراوە واتایەکی تەواویش بە دەستەوە دەدات، دێری یەکەم هەردوو نیوە دێرەکان بە پیتێك سەرواداریان قافیەدار کراوە و دێری دووەمیش لە نیوە دێری یەکەم جیایە، بەڵام نیوە دێری دووەمی هەمان قافیەی نیوە دێرەکانی پێشووی هەیە، بابەتاهیرە هەمەدانی شیعرەکانی بەم شێوەیە نووسیوە:**

**بەهار ئایەد ب هەرشاخی گولی بی**
**بە هەرباغی هەزاران بۆلبۆلی بێ**
**بەهەر مەرزی نەیارەم پا نەهادەن**
**مەبادا ئەز مەبەتەر سوتێ دلی بێ**

**٢. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**بە نیشانەی ڕاست و چەوت وەڵامی ئەمانی بدەوە وچەوتەکان ڕاست بکەرەوە:**

1. **هێنری سویت دەڵێت: زمان هۆێکە بۆ دەربڕینی قسە لە ڕێگای دەنگ کە لە وشە پێك دێت.**
2. **دیالێکی کرما نجیی ناوەڕاست دەکرێت ببێتە زمانی ستاندارد.**
3. **لە سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام دەسکاری فۆنیمەکانی زمان دەکرا .**
4. **مێجەرسۆن پێی وایە زمانی ئێستای کوردەکان زمانێکی شێوا و ناڕێکە .**
5. **فۆنۆلۆژی ئەو زانستەیە کە لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆلێتەوە.**

**هەلەیە ١: ( هنری سویت ) دەڵێت:( زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ریگای دەنگ کە لە وشە پێك دێت.**

**٢.راستە**

**٣ هەڵەیە. لە سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام دەسکاری فۆنیمەکانی زمان نەدەکرا.**

**٤ هەڵەیە.مێجەرسۆن پێی وایە زمانی ئێستای کوردەکان زمانێکی شێوا و و ناڕێك نییە.**

**٥.راستە.**

**٣. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

لة مانةی خوارةوة رِاسترین وةلآم هةلَبذيَرة:

١. زمانی کوردی سةربة خيَزانة زمانی سامی کؤمةلَی باشوورة.
٢. زمانی کوردی سةربة خيَزانة زمانی هيندوئةوروثی کؤمةلَی هيندية.
٣. زمانی کوردی سةربة خيَزانة زمانی هيندوئةوروثی کؤمةلَی ئيَرانية.
٤. زمانی کوردی سةربة خيَزانة زمانی هيندوئةوروثی کؤمةلَی ئارِيية.

وەلام: زمانی کوردی سةربة خيَزانة زمانی هيندوئةوروثی کؤمةلَی ئيَرانية

**٢٠. تێبینی تر**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**